# هەڵسانەوە

شیعر

سامی شۆڕش



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# هەڵسانەوە

## شیعر

## سامی شۆڕش



ناوی کتێب: هەڵسانەوە
شیعری: سامی شۆڕش
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٧٧
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم ، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٩٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

سیما گشتییەکانی

تاقیکردنەوەیەکی شیعری

لە هەموو سەردەمەکانی مێژووی هاوچەرخی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شیعر جێگەیەکی ڕووحی و سایکۆلۆژی و ڕۆشنبیریی تایبەت و دیاری هەبووە. لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەو بایەخە زۆر گەورەتر دەهاتە پێش چاو. بگرە، ناواخنی بایەخی شیعر بەتایبەتی و ئەدەب و هونەر بەگشتی، لەو سەردەم و قۆناغەدا لە هەموو قۆناغە مێژووییەکانی دیکە زیاتری کردبوو. هۆی سەرەکیش لەم بوارەدا ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵە بوو کە لە نێوان شیعر و ئەدەب لەلایەک و سیاسەت و ئیلتیزامی سیاسی لەلایەکی دیکەوە دروست بووبوو.



ئەوی ڕاستی بێت، نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو مەودایەکی زەمەنیی گەلێک چڕوپڕ و ئاڵۆزکاو بوو. ئاڵۆزکاوییەکەش وا نەبێت هەر لە کوردستان و لە عێراق بووبێت، بەڵکو لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیشدا بارودۆخە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکە زۆر ئاڵۆز و جەنجاڵ بوو.

لەلایەکەوە بیروباوەڕی چەپگەری و لرفەی ئاگری چی گیفارا و بانگە فەللاحییەکەی ماوتسی تۆنگ هەر چوار سووچی جیهانی هێنابووە لەرزین. لەلایەکی دیکەوە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی قوتابییان لە فەڕەنسا و بریتانیا و ئەڵمانیا زادێکی ڕووحی و فیکریی دەوڵەمەندی بۆ لاوان و قوتابییانی جیهان، بەتایبەتی جیهانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان ڕەخساندبوو. لەلایەکی دیکەشەوە سروودی شۆڕشی لادێ و نرکەی جووتیارەکانی برنج لە لاوس و کەمبۆدیای ئەوسا، ئینجا تاڵەمووەکانی ڕیشی هۆشی منەی فیتنام نەک هەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بگرە ناو خودی ئەمریکا و جادەکانی ئەوروپاشی خستبووە ناو گێژاوی تووڕەیی و هەڵچوونەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەلومەرجەکە

قورستر بوو بەتایبەتی ناوچەکە خۆی زێدی تێک قرژانێکی کۆنینەی ئایینی و شارستانی بوو. سەرباری ئەوەش کۆمەڵێک رژێمی گەندەڵ لە ناوچەکەدا تا دەهات زۆرتر بەنزینیان بەسەر ئاگری ناو دڵ و دەروونی میللەتەکانی خۆیان دەرشت. ناکۆکی و دیاردەکانی شەڕی سارد تا دەهات زۆرتر تەنگی بەخەڵکەکە هەڵدەچنی و ناوچەکەی بەرەو قووڵایی تونێلێکی تاریک دەبرد. لەو نێوانەشدا نوشووستییەکەی عەرەب لە حوزەیرانی ١٩٦٧دا دنەی بەدەماری ڕاپەڕین دەدا نەک تەنیا لەناو عەرەبدا بەڵکو لەناو تەواوی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەو نێوانەش داتەپینی ٥ی حوزەیران و هەڵستانەوە و بەرگریکردنی فەلەستینییەکان لەدوای ئەو داتەپینە، ئیزدیواجیەتێک، یاخود دووفاقییەکی پڕ گرێ کوێرەی لەناو دڵ و مێشکی لاواندا دروست کردبوو.

لەو بەرامبەرەدا، حاڵی عێراق باشتر نەبوو لە پانتاییەکانی دیکە. بگرە ڕەنگدانەوەکان لێرەدا زۆر زەقتر و قورستر دەهاتنە پێش چاو، چونکە عێراق دەوڵەت و کۆمەڵگایەک بوو هەر لە سەرەتاوە لە ڕووی مۆزائێکی ئەتنیکی و یاسایی و دەستوورییەوە لەسەر بناغەیەکی نادروست دامەزرابوو. مەعلوومیشە هەر دەوڵەت و



کۆمەڵگایەک لەسەر بناغەی ناتەبای لەو بابەتانە ڕاست بوویێتەوە، ئەوا زۆر زوو دەکەوێتە ژێر ڕکێفی زەبر و پاڵەپەستۆی فاکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیرییەکان.

یەک لە ڕەنگدانەوەکانی ئەو بارودۆخە لەناو عێراقدا قڵیشانی حزبی شیوعی بوو، لە (ئەیلوولی ١٩٦٧) کاتێک حزبەکە لە نێوان باڵێکی ڕاسترەوی سەر بەبلۆکی سۆڤیەت و باڵێکی چەپڕەوی سەر بەرێبازی ماوتسی تۆنگی چین و فیدل کاسترۆی کوبا و تشی گیفارای ئەرجەنتین دابەش بوو. لەو لای دیکەوە، لە زۆنگاوەکانی خواروو، بەتایبەتی لە ناوچەی (ئال ئیزێرچ) و دەوروبەری ناسریە و عەمارە، ڕاپەڕینێکی چەکداری دەستی پێ کردبوو لەژێر سەرکردایەتی لاوێکی عێراقی کۆمۆنیستی دۆستی (برتراند ڕاسل)ی ئینگلیز کە ناوی (خالد ئەحمەد زەکی) بوو. ئەوەی نەوتێکی زۆرتری ڕشتە سەر بارودۆخە خراپ و ئاڵۆزەکەی ناو عێراق هاتنە سەر حوکمی ڕژێمی بەعس بوو لە کودەتای تەمموزی ساڵی ١٩٦٨دا.

هەر لە بواری بازنەی ڕۆشنبیریدا لە عێراق، بزووتنەوەیەکی تازەگەری دەستی پێ کردبوو. شیعر ئاسانترین و جوانترین و کاریگەرترین شێوازی دەربڕین بوو. بۆیە گۆڕانکارییە

کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان زۆر بەپەلە لە جیهانی شیعردا ڕەنگیان دەدایەوە. کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری نوێخوازی عێراقی، لەپێشەوەیاندا فازڵ عەزاوی و سەلاح فائق و ئەنوەر غەسانی، لەو ساڵانەدا بەیاننامەیەکی شیعریان بڵاو کردەوە کە تیایدا بانگیان بۆ تازەکردنەوەی فۆرم و ناوەڕۆکی شیعر و ئەدەبیات هەڵدەدا.

ئەو کاتە بارودۆخی کوردستانیش بەقۆناغێکی ناسکدا تێ دەپەڕی. شۆڕشێکی چەکدار لە چیاکانی کوردستاندا بەسەرۆکایەتی ڕێبەری نەمر مستەفا بارزانی هیوایەکی گەشاوەی خستبووە ناو دڵ و دەروونی کوردەوە. بەڵام لەولای دیکەوە ڕێچکەی وایش لەناو سیاسەتی کورددا سەری هەڵدابوو، کە لەگەڵ ئەو هیوا و گەشانەوەیە ناتەبا بوو، ئەگەرچی هەوڵەکان زۆر جار لەژێر دروشمی بریقەدار و چەپگەرێتیش بەڕێوە دەچوون.

جگە لەو حاڵە ناجۆرە، لە نیوەی دووەمی شەستەکاندا کوردستان بەقۆناغێکی بەرچاوی بڵاوبوونەوەی خوێندەواریشدا تێ دەپەڕی. هۆی ئەوەیش زیادکردنی ڕادەی هۆشی نەتەوەیی و نسکۆ سیاسییەکەی حوزەیرانی عەرەب و دەرچوونی چەند ڕۆژنامەیەکی عەرەبی و کوردی



بوو. ڕۆژنامەی (التآخی) و (برایەتی) لەلایەک و لاپەڕە کوردییەکەی ڕۆژنامەی (الاخبار) کە خوالێخۆشبوو محەمەد وردی بەڕێوەی دەبرد، ئنجا چاپخانەکەی خوالێخۆشبوو مام گیو موکریانی و چیرۆکەکانی محەممەد مەولود مەم و دەور و جێ پەنجەی مامۆستایان عیزەدین فەیزی و جەودەت ئەحمەد ناجی و دکتۆر مارف خەزنەدار کە تازە لە یەکێتیی سۆڤیەت هاتبووەوە، ڕۆڵێکی گرنگیان لە بواری گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی کوردیدا دەگێڕا لە شاری هەولێر. لەولاوە هەندێک ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و کتێبی شاری سلێمانی بایەخێکی زۆریان لەم بوارەدا هەبوو. بگرە سلێمانی لەو کات و زەمانەدا بووبووە مەڵبەندی بووژانەوەی زمان و کەلتوور و ئەدەبیاتی کوردی. هەروەها کەرکووکیش کە تا ئەو کات هێشتا لەژێر پاڵەپەستۆی بەعس نەخنکێنرابوو، دەورێکی هەبوو لە ڕەوتی تازەگەرێتی شیعر و ئەدەبیاتدا. لەم نێوانەدا لەتیف حامیدی چیرۆکنووس و لەتیف هەڵمەتی شاعیر و ئەحمەد شاکەلی و ئەنوەر (فەرهاد) شاکەلی و سەلام محەممەد جێ پەنجەیان دیار بوو.

بەهەر حاڵ، ئەو هەموو گۆڕانکارییە سیاسی و ڕۆشنبیرییانە کە سەرتاسەری جیهانیان

گرتبووەوە، زەمینەیەکی لەباریان بۆ چەند گۆڕانکارییەکی تازەتر دروست کردبوو:

یەکەم: بەهێزبوون و گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆشنبیری و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسەت و حزبایەتی.

دووەم: هاتنە پێشەوەی نەوەیەکی نوێی چەکدار بەبیرێکی تازە و دیدێکی تازە بۆ جیهان و ژیان و مێژوو.

سێیەم: ئاڵۆزکانی پەیوندیی نێوان تاک و کۆمەڵ، تاک و تاک، کۆمەڵ و کۆمەڵ. ئەمەش لە یەک کاتدا جۆرە ناتەباییەکی بەرچاوی هێنابووە پێشەوە لەگەڵ گۆڕانی یەکەم.

ئەو هەمووو حاڵە پێکەوە گرێ درابوون. کاریان لە یەکتری دەکرد. بگرە کارێکی گەورەتریشیان لە خەڵک و لە کەرتە ڕۆشنبیری و لاوەکەی ناو خەڵکی دەکرد. هەروەها کارێکی زۆر زەقتریشیان لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و لە زەوق و خەیاڵ و ئەدەب و هونەریش دەکرد.

***

لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا تازە گەنج بووم. ساڵی ١٩٦٧ تەمەنم حەڤدە ساڵ بوو. ڕووداوە گەورەکان و گۆڕانە بەپەلەکان بەشێکی زۆری گەنجانی وەک منیان،



بەتایبەتی لەناو قوتابییان و خوێندەوارانیدا بەرەو دنیای پەرۆشی و بەدواداکەوتن و خوێندنەوە و پرسیار و وەڵام دەبرد.

لەو سەردەمە جەنجاڵ و پڕ شۆڕشەدا خوێندنی ئامادەییم لە هەولێر تەواو کرد. دواتریش لە کۆتایی شەستەکاندا چوومە زانکۆی مووسڵ و لەوێ دەستم دایە خوێندنی ژمێریاری. بابەتی خوێندنەکەم جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هەوەس و زەوقم هەبوو. بۆیە لەتەک خوێندن بەردەوام خەریکی خوێندنەوە و شیعر بووم.

پێشتر لە هەولێر هاوڕێیەتیم لەگەڵ سەعدوڵڵا پەرۆش و عەبدوڵڵا پەشێو و جەمیل ڕەنجبەر و عەبدوڵڵا حەداد و عەبدولخالیق سەرسام پەیدا کردبوو. مامۆستا کەمال غەمبار ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە هاندانم بەرەو خوێندنەوە و ئەدەب و نووسینی شیعر. ئێستاش لەبیرمە ناوە ناوە تەخمیسی شیعرێکی ئەحۆلی شاعیری بۆ دەخوێندینەوە کە لە دێڕێکیدا دەڵێت: شەهیدم کفنەکەم ئاڵە.

زۆر لە شاعیر و نووسەران، گوێیان لە تەمەنی منداڵیەوە بەحەکایەتی کوردی و لای لایەی کوردی و قسەی ڕەسەنی ئەو زمانە پاراوە دەزرنگێتەوە. من وا نەبووم. من زۆرتر بەزمانی تورکمانی کە

لەو سەردەمەدا زمانە ناوخۆییەکەی هەولێر بوو فێری دواندنی ژیان بووم. لە تەمەنی شەش حەوت ساڵییەوە وردە وردە فێری زمانی کوردی بووم. چەند ساڵێک باوکم مامۆستا بوو لە گوندی بەحرکە. بەخاووخێزانەوە لەو گوندە دێرینە ماینەوە. ئەوسا تەمەنم شەش ساڵان بوو. هەر لەوێش چوومە بەرخوێندن و فێری زمانی کوردی بووم.

دواتر ئەوەی زۆرتر ئاشنای کردم بەزمانی شیرینی کوردی، کتێبخانە و چاپخانەکەی مام گیو موکریانی و شیعرەکانی پیرباڵ مەحموود و کلێتەکەی مەحمود زامدار بوو. هەروەها قوتابخانەش ڕۆلێکی گرنگی هەبوو بەتایبەتی هەندێک لە مامۆستاکان مەبەستیان بوو لە شاری هەولێردا گەشە بەزمانی کوردی بدەن و قوتابییەکانیان نەک هەر فێری زانستی، بەڵکو فێری زمانی کوردیش بکەن. ئەوی ڕاستی بێت باوکیشم کە یەک لە مامۆستا کۆنەکانی شاری هەولێر بوو کوردییەکی باشی دەزانی و زۆر جار لە قوتابخانەدا وانەی زمانی کوردی دەگوتەوە. لەوەش بەولاتر هەوەسێکی زۆری هەبوو لە بواری هونەری نواندندا و بەیەکێک لە دامەزرێنەران و گەشەپێدەرانی هونەری شانۆ لە شاری هەولێر دەژمێردرا.



لێرەوە دەستم دایە فێربوونی کوردی. زمانی کوردی بۆ من لەو سەردەمەدا زمانی دەربڕینی ڕۆژانە بوو. زمانی پەیوەندیکردن بوو لەگەڵ دەوروپشت. دواتر بوو بە کەرەستەی خستنە سەر کاغەزی ئەو هەموو جەنجاڵی و ناکوکی و دڵەڕاوکێیەی کە لەناخی تازە لاوێکی وەک مندا پەنگی دەخواردەوە و بۆ سەرچاوەیەک دەگەڕا لێی بتەقێتەوە.

بۆیە کاتێک چوومە مووسڵ ساڵی ١٩٦٨ بوارێکی چاکترم بۆ خووڵقا تیایدا بیر لە نووسینی شیعر بکەمەوە. لەوێ یەکەم کۆمەڵە شیعری چاپکراوی کوردیم خوێندەوە کە هی شاعیری پایەبەرز محەممەد ساڵح دیلان بوو. لەوێوە هەموو مانگێک دەگەڕامەوە هەولێر و کتێب و دیوانە شیعری شاعیرە کۆن و تازەکانم دەکڕی، سەرباری کتێبەکانی سەلامە موسا و نەجیب لوتفی ئەلمەنفەلووتی میسری. ئەم کتێبانەم لە هەولێر دەکڕی و لەگەڵ خۆم دەمبردنەوە مووسڵ و لەوێ خەریکی خوێندنەوە و لێوە فێربوونیان دەبووم. بەڕاستی ئەو ساڵەی مووسڵ بۆ من ساڵی فێربوونی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بوو.

پێش ئەوەی دەست بدەمە شیعر نووسین بەزمانی کوردی، هەر لە قۆناغی خوێندنی

ئامادەییەوە لە هەولێر دەستم دابووە فێربوونی زمانی عەرەبی. ئەوەی زۆرتریش یارمەتی دەدام لەم بوارە کاک عەبدوڵڵا حەداد و کاک عەبدولهادی قەساب بوون کە قوتابی بوون لەگەڵ خۆم لە ئامادەیی هەولێر. هەر لەو سەردەمەشدا پارچە نووسینێکی بچووکم وەک (*خاطرة*) لە گۆڤارێکی عەرەبی عێراقیدا بڵاوکردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، فێربوونی عەرەبی بۆ من تەنیا فێربوونی زمانە ئەدەبییەکە بوو نەک زمانی قسەکردن و ئاخاوتن. بگرە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت کاتێک بمەوێت بەعەرەبی قسە بکەم دەیان هەڵەی زەق دەکەم.

ساڵ تەواو نەبوو، هێندە خولیای ئەدەبیات و شیعری کوردی بووم، کە ئیتر کەوتمە حەزی ئەوەی دەست لە خوێندنی ژمێریاری لە مووسڵ هەڵبگرم و بچمە کۆلیژی ئەدەبیات – بەشی کوردی لە زانکۆی بەغدا. شیعر ئەو کاتە بووبووە *بوصلة*-ی ژیانی داهاتووم، چونکە تێکەڵاوی بیر و هۆشی سیاسی و ڕۆشنبیریم بووبوو. شیعر لە تاقیکردنەوەی ئەو چەند ساڵەمدا تەنیا وشە ڕیزکردن نەبوو، تەنیا ڕووکەشێکی جوانی و زمانەوانی نەبوو، بەڵکو دەرگایەکی سەرەکی بوو لەو قەڵاتەی ناومان نابوو (قەڵاتی تێکۆشان). بۆیە کلیلی ئەو دەرگایە لە کوێ بوایە، ئێمەی



نەوەی ئەو سەردەمە، بەبێ ترس و ڕاڕایی بۆی دەچووین. لەو کات و زەمان و سەردەمەدا ئەو کلیلە بۆ من لە شیعر و ئینجا لە فێربوونی زمانی کوردی و دواتریش لە بەشی کوردی زانکۆی بەغدا بوو. لێرەوە، بەبێ هیچ سێ و دووکردنێک دەستم لە خوێندنی ژمێریاری لە مووسڵ هەڵگرت و ڕووم لە بەغدا کرد: ئەو بەغدایەی لەو کاتەدا بنکەی بیری تازە و جۆشی گەرم و لانەی نوێخوازی بوو.

پەیوەندیم لەگەڵ بزووتنەوەی شیعر لە هەولێر نەپچڕیبوو. بگرە ئەو پەیوەندییە لە جاران گەرمتریش بووبوو. سەعدوڵڵا پەرۆش لەو کاتەدا وەک ئێستا نزیکترین برادەر و هاوڕێی ئەو ڕۆژانەم بوو. پەشێو ئەگەرچی هەندێک جیاوازیشمان هەبوو لەڕووی فیکر و لێکدانەوەی سیاسی، هێشتا هەر زۆر نزیک بوو لە من و سەعدوڵڵا. لەگەڵ پیرباڵ و زامدار دۆستایەتیم پەیدا کردبوو. بگرە دەمارە هەولێرییەکە دۆستایەتییەکەی گەرمتر کردبوو لە نێوانماندا.

بەغدا و ژیانە ڕۆشنبیری و سیاسییەکەی ئەو شارە کە بۆ هەولێرییەکی وەک من، لە مووسڵ دوورتری نەدیبێت، کۆتایی دنیا بوو. بۆیە وەک کلیلی بەهەشتم دۆزیبێتەوە دڵم خۆش بوو بەو

شارە. گەرموگوڕ بووم لە چوونە ناو جیهانەکەی. لە ئاشنابوونی بازنە ڕۆشنبیرییەکەی ئەگەرچی ئەو بازنەیە زۆرتر نووسەر و داهێنەرە کوردە نیشتەجێکانی پایەتەختی دەگرتەوە.

لە ساڵی یەکەمی ژیانم لە بەغدا، کە سەرەتای تاقیکردنەوەی شیعریم بوو دۆستایەتیم لەگەڵ چیرۆکنووسی گەورەی کورد حوسێن عارف و شاعیری خوالێخۆشبوو جەلالی میرزا کەریم و کاک کەمال ڕەئووف و شاعیر شیرکۆ بێکەس پەیدا کرد. لە زانکۆشدا داستانی مەم و زین و گەنجینەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دەرگایەکی تازەیان لەبەردەممدا کردەوە.

یەکەم پارچە شیعرم لە ڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٧٠ بڵاو کردەوە، لە نووسیندا حەزم بەو هەوا شیعرییە تازەیە دەکرد کە جەلال و شێرکۆ شیعریان پێ دەنووسی. هەستم دەکرد ئەو ناوەڕۆکە گەرموگوڕەی لە دڵ و دەروونمدا دەپەنگێتەوە پێویستی بەشێوازێکی تازە و ئاسان هەیە. بۆیە وەک لە هەندێک شاعیری تازە پێگەیشتووی ئەوسا ڕووم لە زمانی تەمومژاوی نەدەکرد. ڕێزم لە کەلتووری کلاسیکی کوردی دەگرت و بەچاوی فێربوون دەمخوێندەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەزم لە تازەگەریتی بوو.

چەند مانگێکی نەبرد هەر لە ڕۆژنامەی



هاوکاری – دا دامەزرام، بازنەی ڕەفاقەتم فراوانتر بوو، سەلاح شوانم ناسی کە لە زانکۆ ساڵێک لەپێش من بوو، محەمەد زادەی خۆشنووسم ناسی کە ئەویش ساڵێک لەپێش من بوو لە بەشی کوردی. بورهان قانیع و سەلاح عەقراوی و سەربەست بامەرنی، بورهان کە کوڕی شاعیری گەورەی کورد قانیع بوو، کانگایەکی ئێجگار دەوڵەمەندی قسەی نەستەق و پەند و سەرگوزشتەی کوردی و زمانی ڕەوان بوو. دووەمیان دەرگای بادینانی لە ڕوومدا کردەوە، سێیەمیشیان کە لەو سەردەمەدا سەرنووسەری هاوکاری بوو، لەتەک جەلالی میرزا کەریم فێری وردەکارییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسییان کردم. تایەر ساڵح سەعید و ڕەئووف بێگەرد و مستەفا ساڵح کەریم. هەروەها لەو ساڵانەدا ئەحمەد تاقانە و تەڵعەت سامانی هونەرمەند، هەر یەکەیان بەشێوەیەک سەرچاوەی دەوڵەمەندی بوون بۆ تاقیکردنەوەکەم کە ئەوسا لە سەرەتادا بوو، لە هەر یەکەیانەوە شتێک فێربووم. لەوەش بەولاتر، لەناو زانکۆدا، مامۆستاکانم دکتۆر مارف و دکتۆر عیززەدین مستەفا ڕەسوول و دکتۆر ئیحسان فوئاد، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی فێربوون و چاوبڕینە دواڕۆژبوون بۆ من. بۆیە زۆری نەبرد لەو هاوکارییەی کە ساڵێک

پێشتر وەک خوێنەرێکی گورجوگۆڵ چاوەڕێی ڕۆژی دەرچوونیم دەکرد، بووم بەلێپرسراوی لاپەڕەی ئەدەب و ژیان، پاش ئەوەی جەلالی میرزا کەریم بوو بەبەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەکە.

لە ماوەی سێ ساڵی کارکردنم لە هاوکاریدا، زۆربەی شیعرەکانی خۆم نووسی، ڕاستە ئەو هەموو شیعرانە ڕەنگە لە بیست پارچە شیعر زیاتر نەبووبن، بەڵام دیاربوو جێگەیەکی باشیان بۆ خۆیان کردبووەوە لە کتێبخانەی شیعری نوێی کوردیدا. لەو سەردەمەدا یەک لە عەیبەکانم ئەوەبوو بایەخم نەدەدا بەکۆکردنەوە و پاراستنیان. بۆیە ئێستا کە ویستم کۆیان بکەمەوە، بەهاوکاری و یارمەتیی برایانەی کاک ئیسماعیل بەرزنجی تەنیا ئەو چەند پارچەیەمان پێ دۆزرایەوە.

***

ساڵی یەکەمم بوو لە بەغدا، کاتێک ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار بڵاوکرایەوە. ئەو ڕێککەوتننامەیە کەش و هەوایەکی پڕ ئازادی لەبەردەم نووسین و ڕۆژنامەنووسیی کوردی والا کرد. ڕۆژنامەی هاوکاری قازانجێکی گەلێک گەورەی لەم بارودۆخە کرد.

هەر لەو ساڵەدا، دەستەیەک لە ئەدیبانی کورد بەیاننامەی (ڕوانگە)یان بڵاو کردەوە. ڕۆڵی



کاریگەر و گەورە، بگرە بیرۆکە سەرەکییەکەی ئەو بەیاننامەیە و تەواوی بزووتنەوەکە هی حوسێن عارفی چیرۆکنووس بوو. بەڵام وەک پێشتریش باسم کرد دیاربوو زەرورەتێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە ئارادا بوو بۆ بزووتنەوەیەکی لەم بابەتە، بەتایبەتی دوای گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و فیکرییە گەورەکانی ئەو سەردەمە.

حوسێن عارف ڕۆشنبیرێکی گەورەی کورد بوو. تاقیکردنەوەیەکی گرنگ و بەربڵاوی سیاسیی لە کۆڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. ماوەیەکی درێژ لەناو حزبی شیوعی عێراقدا کاری کردبوو. دواتر لەگەڵ باڵی عزیز حاج (*القيادة المركزية*) درێژەی بەخەباتی سیاسیی خۆی دابوو. بەڵام ئەستەمی کاری حزبی و گۆڕانکارییە فیکرییەکانی ئەو سەردەمە حوسێنیان گەیاندبووە قەناعەتی ئەوەی کە دەست لە کاری حزبایەتی بکێشێتەوە و خۆی بۆ چیرۆک نووسین تەرخان بکات.

من لەو چەند مانگ و ساڵە سەختەدا حوسێنم ناسی و بووین بەدوو برادەری زۆر نزیک ئەگەرچی ئەو بەتەمەن لە من گەورەتریش بوو. لە ساڵانی دواتریش حوسێن هەر برایەکی گەورە بوو بۆ من چ لە بواری ئەدەب و نووسیندا، چ لە بواری شەخسیدا. ئەوەی ڕاستی بێت

تاقیکردنەوەی ڕەفاقەتی حوسێن بۆی ڕوون کردمەوە کە ناسیاری و پەیوەندی و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ کەسانی خاوەن تاقیکردنەوەی ئەدەبی کامڵ، مەرجێکی گرنگی بەرەوپێش چوون و پەرەسەندنی تاقیکردنەوەی خەڵکانی لاو و تازە پێگەیشتووە.

لە ڕێگەی حوسێن عارفەوە تێکەڵاوی جیهانی شیعر و ئەدەبیاتی ڕوانگە بووم، ئەوسا بەهۆی سیاسەت فوئاد قەراغی و نەوشیروان مستەفا و فازڵی مەلا محموودم دەناسی. بەڵام چونکە من لە دیدی ڕوانگەوە سەیری جیهانم دەکرد، جۆرە ناتەباییەک لە ئارادا بوو، بگرە کار و چالاکییە حزبی و سیاسییەکانی ئەوانم بەدڵ نەبوو. ئەوسا لەگەڵ ڕێکخراوی (کۆمەڵە) کەوتمە کار، بەڵام کۆمەڵە ڕێکخراوێکی گۆشەگیر و ئایدیۆلۆژی تەسک و داخراو بوو، بۆیە یەکێکی وەک من کە هۆگری جیهانە کراوەکەی ڕوانگە بوو زەحمەت ئیدارەی لەناو دەکرد. دوای یەک هەفتە لەو ڕێکخراوە دابڕام. دواتر قەراغی و فازڵیش لێیان دابڕان.

پەیوەندییەکانی من لەگەڵ ڕوانگە هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ڕێکخراوی کۆمەڵە بەچاوی نارەحەتییەوە سەیری چالاکییە شیعری و ئەدەبییەکانی من بکات، بەتایبەتی نەوشیروان



و ئەوان وایان لێک دەدایەوە کە ڕوانگە سەرچاوەی بیروباوەڕی لیبرال و (بۆرووژوا)یە و جۆرە مونافەسەیەکیش بۆ ئەوان دروست دەکات. من ئەوسا زۆرتر مارکسی – لینینی بووم. بۆیە ئەوانەی کۆمەڵە زۆرتر تیر و توانجیان لە من دەگرت و گاڵتەیان بە شیعرەکانی من دەکرد.

ڕوانگە بانگهەڵدێری نوێخوازی بوو لە فۆرم و ناوەڕۆکی ئەدەب و هونەردا. بانگهەڵدێری وازهێنان بوو لە دەق و داوونەریتی کلاسیک. بەڵام لە هەمان کاتدا دیدێکی سیاسیشی هەبوو کە ئەوانەی دژ بەڕوانگە بوون لەناو کۆمەڵەدا هەستیان پێ دەکرد و لێی دەپرینگانەوە.

ئەم ناکۆکییە، لەو سەردەمەدا، خۆی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەی هاوکاریدا دەنواند. ئەگەر بگەڕێینەوە ئەو ساڵانە دەیان وتاری درێژ و پڕ توندوتیژی دەبینین، کە بەقەڵەمی برایان قەراغی و نەوشیروان مستەفا و فوئادی مەجید میسری لە دژی ڕوانگە نووسراون، ڕاستە زۆربەی وتارەکان لە دوو توێی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدان، بەڵام لە کرۆکدا زۆربەیان بۆنی ڕقێکی سیاسیی زەقیان لێ دێت.

ڕەنگە لێرەدا جێگەی خۆی بێت، وەک ئەمانەتێکی مێژوویی پەنجە بۆ ئەوە درێژ بکەم و

بڵێم برادەرانی پارتی ئەوسا هەستیان بەتخووبەکانی ئەو ناکۆکییە ژێرەکییەی نێوان ڕوانگە و کۆمەڵە نەدەکرد، ڕەنگە شەهید فرەنسۆ حەریری تاکە کەس بوویێت لەناو پارتیدا هەستی بەم مەسەلەیە کردبێت، بەڵام ئەویش هەوڵێکی ئەوتۆی نەدا بۆ دەستوەردانە ناو ئەو کێشەیەی کە ئەوسا زۆر بەزەقی لەناو بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردیدا سەری هەڵدابوو.

دواتر کاتێک لەژێر پاڵەپەستۆی هەلومەرجە سیاسییەکەی کوردستان بزووتنەوەی ڕوانگە کەوتە ڕاوەستان و پاشەکشەکردن و وەستان، من و چەند برادەرێکی هەواخوازی ڕوانگە ڕوومان لە حزبی شیوعی – قیادەی مەرکەزی کرد. ئەو هەڵکشانەمان بەرەو قیادەی مەرکەزی دەربڕی ئەو ڕاستییە بوو، کە ئێمە کۆمەڵە نەبووین و بگرە نێوانیشمان ناخۆش بوو لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە نهێنیە داخراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا چەپی مارکسی بووین و بۆ قەوارەیەک دەگەڕاین خۆمانی تیا بدۆزینەوە، بۆیە پێمان باشتر بوو ببین بەقیادەی مەرکەزی لەوەی بەڕووتوقووتی، بێ هێز و توانا، لەبەردەم ئەوانەی کۆمەڵەدا بمێنینەوە.

***

ئێستاش لەبیرمە، ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و



حزبی شیوعیی سەر بەسۆڤیەت لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ گەیشتبووە ئاستێکی قووڵ. ڕۆژنامەی برایەتی لەو سەردەمەدا شیعری (چل ساڵ)ەی منی بڵاو کردەوە، ئەوسا یادی چل ساڵەی حزبی شیوعی بوو. بەڵام من لە ڕیزی قیادەی مەرکەزیدا بووم، بۆیە خۆم بەهاوپەیمان دەزانی لەگەڵ پارتی لەو ناکۆکییەدا. ئەوی ڕاستی بێت شیعر و کاری ئەدەبی لای من لەو ساڵانەدا کاری حزبی و ئایدیۆلۆژی بوون و من خۆم بووبووم بەکادیرێکی قیادەی مەرکەزی. لە نێوان بەغدا و سلێمانی و هەولێر و بەسرە خەریکی کاغەز هێنان و بردن و کۆبونەوە و پەیوەندیکاری بووم. لەلایەک قوتابی زانکۆ بووم. لەلایەکی دیکە کادیری قیادەی مەرکەزی بووم. لەلای دیکەشەوە ڕۆژنامەنووس و شاعیر بووم، لەبیرمە سبەینان دەچووم بۆ زانکۆ، پاش نیوەڕۆیان دەچوومە ڕۆژنامەی هاوکاری، ئێواران بەیاننامەکانی قیادەی مەرکەزیم بەسەر سەفارەتخانە و ڕێکخراوەکان و ڕێکخستنەکانی حزب لە بەغدا دابەش دەکرد و کۆبوونەوەم دەکرد، شەوانیش خەریکی شیعر نووسین و خواردنەوە و موناقشەی ڕوانگە و ڕوانگەخوازی دەبووم. مەعلوومیشە لەو ساڵانەدا قیادەی مەرکەزی ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو بوو و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێم هەمیشە بەدوایەوە بوون

بۆ گرتن و ئیعدامکردنی ئەندامانی.

عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی تا دەهات وەزعیان خراپتر دەبوو لەژێر فشاری بەعسدا. خەڵکانی وەک من زۆرتر چاویان لە شاخ بوو، چاویان لە سەنگەری پێشمەرگە بوو. زۆرتر بەرەو ئەو قەناعەتە دەچوون کە نە شیعر و نە ڕۆژنامەنووسی دادی ڕووبەڕووبوونەوەی بەعس نادەن، بەڵکو دەبێت لەم پێناوەدا سەنگەر و چەکی کاریگەرتر بەکار بهێنرێت.

لێرەوە، تا دەهات گیانی حزبایەتی و سیاسەت بەسەر تاقیکردنەوەی شیعرمدا زاڵ دەبوو، تا دەهات خۆم لە جیهانی بەربڵاوی شیعر و ئەدەبیات و هونەری جوانی دەگواستەوە جیهانی ئایدیۆلۆژیا و تاکبینی، تا دەهات ناخ و دەروونم جێگەیان بەوێنەی تەڕ و خەونی ئاڵ و هەناسەی شیعر چۆڵ دەکرد و مەودایان بۆ دەماری ناکۆکی و گرێی سیاسەت خۆش دەکرد.

لە ماوەی چوار ساڵی خوێندنم لە زانکۆ، کە ماوەی کارکردنیشم بوو لە بواری شیعر و ڕۆژنامەگەریی کوردی، جگە لە قەڵەمەکانی بواری ڕوانگە، لەگەڵ چەندین شاعیر و نووسەری دیکەش دۆستایەتیم قایم بوو. دۆستایەتیم لەگەڵ لەتیف هەڵمەت و فەرهاد (ئەنوەر)



شاکەلی و ئەحمەد شاکەلی و ئەنوەر قادر جاف لەو دۆستایەتیانەن کە هەرگیزاو هەرگیز لە یادیان ناکەم. تاقیکردنەوەی ئەو برادەرە خۆشەویستانە هەمیشە ئەوەیان فێر دەکردم، کە جیهان زۆر لە هەولێر و سلێمانی، بگرە لە بەغداش گەورەترە. دواتریش ناسینی حەمە فەریق حەسەن و حەمە سەعید حەسەن و ڕەئووف حەسەن لە سلێمانی و کەریم دەشتی و ئیسماعیل بەرزنجی و نەوزاد ڕەفعەت لە هەولێر، ئاسۆییەکی تازەتریان لەبەر چاوم کردەوە. بەڵام دیاربوو، من بڕیاری خۆم دابوو کە تا دوا قۆناغ بەرێگەی حزبایەتیدا بڕۆم و تاقیکردنەوە شیعرییەکەی خۆیشمی لەسەر دانێم.

هەموو برادەرەکانم کوردایەتییان دەکرد و هەریەکەیان بەشێوەیەک حزبی بوون، بەڵام حزبایەتی کردنەکەی من هەندێک تاکڕەوێتی و گیانی وشکایەتیی لەگەڵدا بوو، بۆیە ئەوان بەردەوام بوون. بەڵام من هێشتا ساڵی ١٩٧٦ دەستی پێ نەکردبوو شاعیرەکەی ناو دڵ و دەروونم دواهەناسەی دا، ڕاستە پێشتریش خووی حزبایەتی کردن لەلای من زۆر زەقتر بوو، بەڵام هەر ئەو زەقییە وای کردبوو کەمتر بەرهەمی بڵاوکراوەی شیعرم هەبێت و زۆرجار

نووسینی ڕەخنەیی و ئەدەبی و سیاسیش بنووسم. بگرە وای کردبوو کەمتر خولیای پاراستن و چاپکردنی شیعرەکانم هەبێت.

بەو واتایە دەتوانم بڵێم شیعر لای من هەر لە بنەڕەتەوە بەنیوەچڵی لە دایک بوو. کە لە دایک بوو حزبایەتی دەستی خستبووە بینەقاقایەوە. بۆیە زۆر نەژیا. بەڵام ئەوەندەم بەسە کە کەڵ ژیا.

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ تەوژمی میللەتەکەم ڕووم لە شاخ و ڕیزی پێشمەرگایەتی کرد، چوومە بنکەیەکی قیادەی مەرکەزی لە جیژانی سەرووی گەلاڵە، چەند مانگێکم لەوێ بەسەر برد، هاوڕێی ڕۆژانەم برسێتی و کتێبی ستالین و کۆبوونەوە بوو. بەڵام لە هەمان کاتدا ناکۆکییەکی گەرم لەناخمدا دەجووڵایەوە لە نێوان دەماری شیعر و توخمی سیاسەت، حەزم بە ئیشی ناو نووسین و ڕۆژنامەنووسی بوو. هاتم داوای دەرفەتی کارم کرد لە دەزگای ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستاش لەبیرمە کاک کەریم سنجاری لەو دەزگایەدا دایمەزراندم ئەگەرچی پارتیش نەبووم.

زۆری نەبرد شۆڕش نسکۆی هێنا، منیش لەگەڵ دەیان نووسەر و سەدان کادیر و هەزاران پێشمەرگە ئاوارەی ئێران بووم، من سەر بەخێزانێکی هەولێریم کە کەمتر سەر و



سەودایان لەگەڵ پێشمەرگایەتی و سیاسەتدا هەبووە. باوکم و دایکم و خوشک و براکانم لە هەولێر دوای نسکۆ زۆر سەر و سۆراغی منیان کردبوو، باوکم (بەڕەحمەت بێت دواتر)، دوای چەندین ساڵ لە بێ خەبەری، کە دیمەوە زوو پێی گوتم: دەمزانی ئەو دەستدانە شیعرەت ماڵوێرانیی بەدواوەیە. لەڕاستیدا، ئەو گوتەیەی باوکم دەربڕینێکی ساکاری ئەو ڕاستییە بوو، کە لەلای خۆیشم لەو سەردەمە خنکاوەدا بەئایدیۆلۆژیا ڕوون بوو. دەربڕی ئەوەی کە شیعر هەڵویستی سیاسییە. شیعر تێکۆشان و خەباتی سیاسییە. شیعر تەقینەوەی زامە... شیعر " هەڵسانی شەقامە" وەک جەلالی میرزا کەریم لە شیعرێکیدا دەڵێ.

کاتێک نسکۆ هات پانتاییی شیعر لای من نسکۆی هێنابوو. سەرم هەڵگرت بەرەو ئێران. لەوێ سەرکردەی شەهید ئیدریس بارزانی یارمەتیی دام و گەیشتمە سوریا، لەوێوە چوومە لوبنان، گەڕامەوە دیمەشق، چوومە تورکیا، ئینجا بۆ ئەڵمانیا. لەو هەموو سەفەرە و دەربەدەرییەدا شیعر بەیەکجاری کۆتاییی هاتبوو لە ناخمدا. لە بیرمە دوا پارچە شیعر مانگی هەشتی ساڵی ١٩٧٥ لە باخچەیەکی شاری بەرلینی ڕۆژئاوا نووسیم ناونیشانەکەی

(هەڵسانەوە) بوو. ئەو ڕووبارەی چەندین ساڵی تەمەنی خۆمم لە کەنارەکانیدا بەسەربردبوو لەپڕ وشک هەڵگەڕا. دنیا وای لێ هاتبوو لە کونی دەرزیی حزبایەتییەوە سەیرم دەکرد. ڕاستە، لەو هەموو گەڕان و سووڕانەدا مشتە قوڕێکی قەڵاتی هەولێرم لە ڕەگ و ڕیشەدا هەڵگرتبوو. ڕاستە، خەونم بە شەوانی پڕ ئەستێرەی قەڵات دەدیت و لەو دوورەوە گوێم لە واژەواژی ناو کۆڵانەکانی تەیراوە و تەعجیل و سێتاقان بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەشەبایەکی پڕ نەفرەت و ڕقەبەرایەتی و غەریبییەکی بێ ڕووح گیانی دەهەژاندم. نەک شیعر، بگرە هەرچی هەست و نەست و سۆزێکیش هەبوو لەناخمدا خەریکی وشکبوون بوو، ڕەنگە ئەو تاقیکردنەوە سەخت و پڕ پێچ و پەنایە بەرپرس بێت لەوەی کە بۆ چەند ساڵێک، لە ١٩٧٧ەوە تا سەرەتای نەوەتەکان، تونێلە بۆشاییەکی گەورە لە تەمەنم دروست بووبێت. ڕاستە هیچ بیانووێک ئەو بۆشاییە ناشارێتەوە. بەڵام پێم وایە حاڵەتەکە هەر هی من نییە، بەڵکو بەشێکی گرنگ لەوانەی هاوتەمەنی منن لەو بڕگە زەمەنییەدا هەریەکە بەشێوەیەک ئەو تەنگژەیان دیوە.

دواتر، کاتێک کەوتمە ئەوروپا، دوای



دەرمانخوارد کردنم لەلایەن بەعسەوە، هەستم کرد بۆشاییەکی قورستر و کوشندەتر دەوروپشتی تەنیوم. نە شیعر، نە سیاسەت، نە نیشتمان لە دەورم نەماوە. ئەو چاویلکەی من لە چاوم نابوو جیهانی زۆر لێ بچووک کردبوومەوە. ئەوەبوو خووم دایە کاری ڕۆژنامەنووسی بەزمانی عەرەبی و کوردی . لەو ڕێگەیەوە هەوڵم دا پێستە وشک هەڵگەڕاوەکانی پێشووم فڕێ بدەم... خۆم تازە بکەمەوە. بگەڕێمەوە سەر کارێزی میفتاح و سەرلەنوێ بە ئەحمەدییەکەی قەڵاتی هەولێر سەر بکەومەوە. ڕاستە... بەو تەمەنە... دوای ئەو هەموو نوشووستی و تەنگەتاوی و بەزینە... دوای ئەو هەموو بەرد کرۆشتن و خۆ تەفرەدان و ئەستێرە زویرکردنە، زەحمەتە مرۆ جێگەیەک بۆ خۆی لەژێر چەتری کوردستاندا بکاتەوە. بەڵام بۆ یەکێکی وەک من ڕەنگە لە گوین بێت، چونکە هەر نەبێت ئەوەی کردبێتم، وەک هەزارانی وەک خۆم، لە دڵسۆزیەوە بۆ کورد بووە. ئەوە نییە شیعرەکانم؟ ئەوە نییە تاقیکردنەوە شیعرییەکەم؟ ئەوە نییە ئەو ساڵانەی پێیان دەڵێم تەمەن؟

ئەوەی زۆرتریش باوەڕم بەهیوایەکی لەو جۆرە خۆش دەکات ئەوەیە کە دوای ئەو هەموو ساڵە پڕ هیلاکی و ونبوون و پەرەوازییە دێم پشت

دەدەمە دیواری بنەماڵەی بارزانی. بەڵێ دیوار...
چونکە هەرچییەکی پشتم پێ دادان لەو هەموو
ساڵەدا، غەیری ئەو بنەماڵە شکۆدارە نەبێت،
هەمووی هەر ستارەی حەسیر دەرچوون.

***

ئەوانەی سەرەوە چەند کورتە قسەیەک و سەرگوزشتەیەک بوون دەربارەی تاقیکردنەوەی شیعر و ژیانم. حەزم دەکرد درێژتر بیاننووسم. دەوڵەمەندتر باسیان بکەم. فراوانتر بیانخەمە پێش چاوی خوێنەری بەڕێز. بەڵام دیارە هەر ئەوەندەم پێ کرا. ڕاستتر ئەو چەند پارچە شیعرە ڕەنگە قسەی زۆرتر تەحەممول نەکەن.

بەهەر حاڵ لە کۆتاییی ئەو قسانەمدا دەبێ سوپاسی بێ پایانم پێشکەش بە کاک ئیسماعیل بەرزنجی بکەم، کە یارمەتییەکی زۆری دام لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەو چەند پارچە شیعرە. هەروەها دەبێت سوپاسی بێ پایانی لێپرسراوی دەزگای ئاراس کاک بەدران ئەحمەد حەبیب بکەم کە زۆر هانی دام شیعرەکان کۆبکەمەوە و لە دەزگاکەیدا بەچاپی بگەیەنم. بێ گومان دەبێ لێرەدا سوپاسی کارمەندانی دەزگای ئاراسیش بکەم کە هیلاکیان بەچاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم چەند شیعرە کێشا.

سامی شۆڕش ۲۰۰۳/۸/۲۹

# ڕاکردن بەرەو هەتاوە سوورەکە

گیانە هۆشی شەوگاری مات
لە ناسۆریی ئێمە ناگات
گریان لەناو گلێنەکەی بێ هوودەیە.
گیانە ئێمە شێتی ماچی لێوی ڕۆژین
داربەڕووی سەر کێوی دۆژین
دە هەڵتووتێ لە باوەشی ئەم شەوگارە
تاکەی چاوی وەڕس لەناو دڵ بکرۆژین؟
باوەڕ... ڕووبارە بەفرێکە قاچی سوورە
بۆ تێنوویێتی هەتاوی خۆشەویستیمان
گەڵای سەوزی ناوچەوانی ڕێگەی دوورە.
دە هەڵتووتێ
دە هەڵتووتێ
تاکەی لێوی گەشمان لەناو
لێوی سەهۆڵا بسووتێ؟

١٩٧١

# چەند وانەیەکی سوور

-١-

مناڵەکان... شاعیرێ هات
ویستی لە دەرگای عاتیفەی ئێوە بدات
ویستی ژەنگی شمشاڵەکەی
لە ڕووباری چاوتان بشوات
ویستی ڕەشماڵی دووکەڵی گۆشەگیری
لە ئاسمانی بیرتان ڕاخات.



-٢-

مناڵەکان
گەر ئەمجارە مامۆستا هات
لە سێبەری ئێوەی پاکا
حەسیری ماندووبوون ڕاخات
بە مامۆستای بیر نەخۆشتان
بڵێن: ڕەگی فەلسەفەی کورد
لە تفەنگا داکوتراوە
بڵێن دڵۆپە ئارەقەی چەوساوەکان
بۆ شەوگاری کورد هەتاوە.

-٣-

مناڵەکان
ئەو دەنگە ناسازەی بیستتان
نرکەنرکی ماندووبوونی ڕێبوارێ بوو
وڕێنەی دەم گرانەتای بێزارێ بوو
لە بازاڕی مامەڵەی کوردایەتیدا
قیژە قیژی عەتارێ بوو.

-٤-

مناڵەکان
هێشتا زامی سنگی زەردەشت ئاگردانە
هێشتا چاوی چوارچرا پڕ لە گریانە
هێشتا دڵی ئاگری داغ لە هەڵچوونە
هێشتا هەرەتی بەهارمان حوزەیرانە.
مناڵەکان
ئێستاش ڕووبار... بناری چیا...
گەڵای تێنووی ناو چاوی باغ
کە بەفراوی نەورۆزی ساڵ دەخۆنەوە هاوار
ئەکەن
«مەئموون دەباغ... مەئموون دەباغ... مەئموون
دەباغ».
کەواتە بۆ؟ لەوەتی هەین
بێ فەلسەفەین؟
درۆ لەگەڵ خۆمان ئەکەین؟



-٥-

مناڵەکان! ئێمە تەنها کاروانێ نین
بەسەوڵی ڕووناکی باوەڕ
دڵی تاریکایی جیهان شەقار ئەکەین.
ئێمە تەنها گەروویێ نین
لەناو گۆڕی بێ دەنگیدا هاوار ئەکەین.
ئێمە و ئاسیا
ئێمە و لاتین
ئێمە و پێشمەرگەی ئەفریقیا
میدالیای ڕزگاریی مرۆڤ
بەگەردنی بەهار ئەکەین.

-٦-

**منالّەکان**
**لە ئاوێنەی گۆمی خوێنا**
**لە تەمی جەنگی سنگی شەهیدی بێ**
**سەروشوێنا**
**ئێوەم بینی**
**تاڤگەی هەتاو ئەخۆنەوە**
**ئێوەم بینی**
**بەتیزابی دڵی ڕاستی**
**باڵای درۆ ئەشۆنەوە.**

(وەڵامی هۆنراوەیەکی عەبدوڵڵا پەشێوە)

١٩٧٢

# زامێکی بێدار لە سێبەری
# چەقۆدا

– بنوو ڕۆڵە
زەمین یەک پارچە سەهۆڵە
با نووستووە
ڕووبار پێڵوی داخستووە
بنوو ڕۆڵە
لەم شارەدا تەنیا مەرگ
خەوی نایە.
+ خەوم نایە
– بنوو... ئەی حەبیبی نەجار
خودا یەکە و دەرگای هەزار.



+ خەوم نایە
– بنوو ڕۆڵە
هەرچی بۆنی هەتاو هەیە
لە قژی ئاسۆی سووتاوی ئێمە نایە.
+ پەڵە خوێنێکم هەڵگەڕاو لە ڕەوتی زام
تا گشت چەقۆی دنیا نەنوێ
زامەکانیش نەکرێنەوە.
وەک گوڵدانێکی ئاگرین
گوڵی سووریان تیا نەڕوێ
خەوم نایە

١٩٧٢

# شۆڕەسوارێکی ئاشق

شۆڕەسوارێ
ئێوارەیەکیان لە پشتی
گەردەلوولێکی تیژەوە هاتە خوارێ
سەری نایە ناو بێدەنگیی زامەکانمان
ماچی کردین:
«هاورێکانم!
شەو درەنگە و ڕەشەبایە
لە ڕێکانا کلۆکلۆ بەفر ئەبارێ
دڵدارەکەم مناڵکارە
وا دیارە، گەر ڕایەخی خوێنی بۆ ڕانەخەم نایە»



شۆڕەسوارێ
نامەکانی لە سەرەڕێی چەقۆکانا بڵاوە بوو
مەرگ بەیداخی بوو لەسەر ناوچەوانیا
شەکاوە بوو
شەوێکیان لە دەرگای سەهۆڵبەندانی شارەکەما.
هاتە خوارێ
«هاورێکانم
ئەوەی ئاشقی هەتاو بێ
هەموو دنیاشی لێ بکەن بەنیوەشەو
خەوی نایە».

١٩٧٢

لە دایکبوونی هۆنراوە

که هۆنراوەم لە دایک ئەبێت
لاپەڕەکان خۆ لوول ئەدەن.
گەڵای ماندووی قژی درەخت
لەتاو نرکەی وشەی یاخی
پەنا بۆ گەردەلوول ئەبەن.
خۆشەویستم
هەرچی ساتێ
که هۆنراوەم لە دایک ئەبێت
وشەکانم چەپکی هەتاو
لە گەردەنی ئەیلوول ئەدەن.

***



هەنگاوی زۆر وشەی سواو
لە تینوویێتی بیابانی ناو گیانما
توانەوە
تا بارانی هەوری حوزەیرانی گەورەم
بۆ بهێنن.
گەڕانەوە
پەڵاسی خوێنێنی یوسف بوو بەئاڵا
لە سێبەری هۆنراوەیەکی چاو ماندووی
کرچ و کاڵا... گەڕانەوە.

***

خۆشەویستم
با قوڵینگی هەنگاوەکان
دڵی ڕێگەی دوور بکێڵن بۆ موغانی
بێت لە ژانی چەوساوەکان
لە ئارەقەی ڕووی مێژوودا
مەست بێ و بڵێ: ئاهرومەزدای بزر... کوانێ؟

***



کە هۆنراوەم لە دایک ئەبێت
لە کلیسای ژان و ڕق و یاخیبوونا
عیسا خاچی سنگی مێژوو ئەدۆڕێنێ.
خۆشەویستم
کە هۆنراوەم لە دایک ئەبێت
«ئەیوب»ی ناو گیانم هەموو
دڕکی سەبر و چاوەڕوانی
بەئاگری سوێی زامێکا ئەسووتێنێ.
١٩٧٣

**كە فەرهاد ئەدوێ**

شـیرین مـنـه
مـنیش نه مـەرگم نه ژیانم
نه دروسـتبوونم نه ڕووخانم.
مـن شـیرینم
شـیرینیش وەکـ چەپکی هـەتاو
که ئەیگرن نایەته دەسـت
کاتێ بەرەڵلاشـی ئەکەن
لـه لـەپی دەسـت نایێتەوە.
دەنگـ دەنگدانەوەی خۆی هـەیە
ڕەنگـ ڕەنگدانەوەی خۆی هـەیە
شـیرین فـەرهـادی خۆی هـەیە
فـەرهـاد شـیرینی خۆی هـەیە.
١٩٧٣

سووتانی خوێنێکی
گەڕۆک

وەک فەرهادێ
قوڵنگم سواری ڕەشەبای زام کردووە
–بێستوون–م داوەتە پشت و
«شیرین لە کوێی؟
کام گۆمی مەنگ قووتی داوی؟
کام غەریبی ڕێگای دڵت دەشواتەوە؟
شیرین لە کوێی؟
کەی شیر و هەنگوینیت بەناو
جۆگەلەکانی ئەم شارە ئەڕواتەوە؟»
وەک فەرهادێ
وەک چۆڕەخوێنێکی گەڕۆک
برینی خۆم ون کردووە
«شیرین لە کوێی؟
خەڵکی ئەم شارە لە زمانی خوێن تێ ناگەن.
خوێن بەسووتوو دائەپۆشن.



شیرین لە کوێی؟
کەی سواری جوانە ماینی گەڕانەوەی
ئەستێرەی بەربەیان ئەبی؟
تا لە فەرهەنگی سنگتا
خەڵکی فێری ئەشق بێت و لە زمانی خوێن تێ
بگا؟»
وەک فەرهادێ
پڕ بەگەرووی قوڵنگەکان هاوار ئەکەم
«شیرین لە کوێی؟
شیرین دادی... دادی... دادی!»

١٩٧٣

چەند نامەیەکی نەناردراو

-١-

کچە هاوڕێم
وەک چۆن پەنجەی پێشمەرگە ڕۆژ بەگەردنی
شاخا ئەکات،
ئەمەوێ بێم
بم بەگەردانەی زەرکەفتی تا بڵێی سوور
لە قۆزاخەی بەفری سنگتا ئاگر برژێم.
کچە هاوڕێم
کاتێ لە وەرزی بەردەمما
شەتڵە ڕەیحانەی سەوز ئەڕوێن
دێم پێت بڵێم
لە تووڕەییتا تووڕەیی گوندی پێشمەرگە ئەبینم
خۆشم ئەوێی.
بەڵام هێشتا باڵی مەبەست لە ئاسمانی ناخا
نافڕێ
دەمکوت ئەکرێم.
کچە هاوڕێم
تەنیا چوار یاساوڵ نین
نایەڵن چی لە دڵمایە پێتی بڵێم.



-٢-

کچە هاوڕێم، زۆر دەمێکە
سنگی -حەبیبە-ی چاوەڕێ
بازاڕی ڕق فرۆشتنە.
منداڵ هێلانە هێلانە
بەدوای کۆتری گەڕانەوەی نالیی بزر
سەفینی ئاگر ئەگەڕێن.
زۆر دەمێکە
وەک حەزی ناو چاوت تێنووین
بۆ بەهارێ
وەکو دنیای بێ دەنگی ناو هەناو تێنووین
بۆ هاوارێ.

کچە هاوڕێم
ئێستا قژی ئاسمان تاڤگەی نێرگزی زەرد
ئەپڕژێنێ
ئێستا مەودای چاوەکانمان مەنگ ئەچنەوە
بەڵام بەهار
لە باوەشی ڕێگەی قووچا
هەنگاوی خدری زیندووە
هێشتا بەهار ڕێبوارێکە
دوور لە خۆری چاوەکانت پاڵ کەوتووە.
هێشتا زستان گەرووی تینووی خەنجەرێکە
خوێنی چاوی چیاکانمان ئەخواتەوە
هێشتا ئاگردانی برسی سەنگەرێکە
بەمشتە خۆڵی سووتاوی
بەئاگری ناو هەناوی
سنگی تەڕی شەهیدەکان ئەشواتەوە.



-٣-

کچە هاوڕێم
لە پاشماوەی سپیلکەی چاوی ڕژاوتا
لەناو سکی چیای خەم و پەژارەمان
لەناو ئەو ڕقە هارەمان
لە سایەی مەمکی برژاوتا
لەناو گڕا، لەناو بڵقا
ئەی کەی ئەبێ لە بلوێرە ئێستانییەکان
حەیرانی شۆڕش دەرپەڕێ؟
کچە هاوڕێم
ئەی کەی ئەبێ
هۆنراوەیەکت بۆ بڵێم
لەناو گڕی لاپەڕە سووتاوەکانیا
وشەی پێشمەرگە هەڵپەڕێ؟

-٤-

برسییەکانی شاری برسیم خۆشیان ئەوێی
گەرەکیانە لەناو لەپی هەژاریدا
لەتێ نانی گەنم بڕوێ
تینووەکانی شاری تینووم خۆشیان ئەوێی
گەرەکیانە لە بیابانی تینوێتیدا
ڕووبارێکی سارد هەڵقوڵێ
سواڵکەرانی شاری نووستووم
لە سێبەری مزگەوتێکی بێ منارە
خۆشیان ئەوێی
گەرەکیانە لە گەردنی تەمەنیانا
مەدالیای ڕۆژێکی تازەی گەش بسرەوێ



بۆیە منیش
لە کێڵگەی درکەزیی چاوتا هەنگاو ئەنێم
تا بۆ ناخی زامەکانما
ناخی زامی سواڵکەرەکان
ناخی زامی برسییەکان
ناخی زامی تینووەکان
تاڤگەی خوێواوی تاڵ بڕژێم.

١٩٧٢

لە پێناوتا

گیانە... ئەی ئەو شۆخەی لەپێخەفی
برژانگەکانتا
گیانی ماندووم پشوو ئەدا
شەوغە گەرمەکانی سەر پەڕەی گوڵی
کوڵمەکانت
بەشنەی زەردەخەنە
وشکیان کەرەوە.
سەربنێ سەر سنگی پەمۆینیی فریشتەی خەو
بیر لەوە نەکەیتەوە
گوایە لە زستانی زیندانا
کام باوەشی گەرم ئەملاوێنێتەوە
یا لە شەستەی بارانی گوللە و باڕووتا
کام سنگی پتەو ئەبێتە قەڵغانم.



نا گیانە نا
بۆ دوارۆژم چاو نەخەیتە گۆمی گریان
لە سایەی گلێنە کزەکانتەوەیە
سواری کێو بووم
مێخی ڕێگەی تاریک و تەنگ ئەهاڕم
هەتا سەرلەنوێ لە ئاسمانەکەمانا
بکەونە سەما
لە سایەی لێوەکانتەوەیە
دەریای ئارەقەی شین شەق ئەکەم
هەتا هەتا هەتایی بۆ من بیت
ئای خۆزگە ئەو تەزووەی
لە گیانمایە تۆزقاڵێک لە گیانی تۆدا ئەبوو

تا بتزانیایە
ئاسن چ مۆمێکە نەرمە
لەبەردەم ئاگری بیروباوەڕدا.
باوەڕت بێ ئارامی دڵ
بەیداخی سەرکەوتن لەسنگما ئەچەقێنم
جا ئەگەڕێمەوە بۆت
چونکە ئەو سرووودەی لە هەگبەکەمایە
گیانی نەمری کوردستانە
ئاوازەکەی بزەی تێکەڵ بەخوێن بووە
شەهیدێکی بیروباوەڕە
دڵنیاش بە نابەزم هەتا لە خەرمانەی خۆرا
چەپکە تیشکێکی گەشت بۆ نەهێنم.
١٩٧٢

# دوو پارچە هۆنراوە

-١-

من ئەو ڕۆژە ئەڵێم: هانێ، خۆشەویستی،
بەئاگری ماچێکی هار
دڵی برسیم تێر بکرۆژە
کاتێ ڕقی ئەم ئاسۆیە بێ هەتاوە
لە چاوی چەپکە مێلاقەی شاخەکانا
باڕووت ڕوا
کەمەربەندی بەهارێکی سوور گەشاوە
لە کەمەری ساڵنامەی سەر عەرشی نەوا
کاتی پەنجەی هۆشی منە
قژی ئەو منالە کوردە شانە ئەکات
کە ناسۆریی مێژوویەکی لە گەردنە
پێشی ئەڵێ: ڕۆڵە لامان
خۆر لە کەلی تفەنگێکی سوورا هەڵات
تا ئەو ڕۆژە
بێشکەی ژانی ئێجگار تینوو
بۆ قومێ ئاو ئەمهێنێت و ئەمباتەوە.



-٢-

لەپاش ئەوەی خولگەی سەعات
مێژووی ئێشی زەردەشتی بۆ گێڕامەوە
لەپاش ئەوەی
لە ڕووباری ئارەقەی یاخیبووما توامەوە
لەپاش ئەوەی
لە گەشتێکی ناو گریانی چەوساوەکان
گەڕامەوە
زانیم... زانیم
چاوی تفەنگ ئاسمانێکی بێ سنوورە
کوردستانیش
کاتێ گڕی نەورۆزی ساڵ قووتی ئەدات
گوللەیەکی قەوان سوورە.

١٩٧٣

تۆ ئەو خاکەی منی جۆگە
ئەخۆیتەوە و تێرت ئەکەم

تۆ چل ساڵە هەم دەردیت و هەم دەرمانیت
تۆ چل ساڵە هەم خەنینەی هەم گریانی
تۆ چل ساڵە لە دەریای بێ سەروشوێنما
هەم شەویت و هەم بەیانیت
ئاخ! ئەو داسەی لە بەینی هەردوو پێڵووما
چل ساڵە فێری هەڵپەرکێ و شان بادانی.
فێرت کردم
سواری تریفەی مانگ بم و بێمە ژووانت
کە شەو سارد و تەزرەدار بێ
بێمە ناخی ئاگردانت
فێرت کردم
تۆ خاک بیت و منیش ئاو بم
بمخۆیتەوە و تێرت بکەم



فێرت کردم
لە ئاقاری مەرگی خۆما فێرە ڕاو بم
خۆم نێچیر و خۆیشم داو بم.
«ئێوە فەرهەنگێکی لەنگن
ناهێڵن فێری زمانی یارەکەم بم
ئێوە چرا کوژانەوەی ئێوارەیەکی درەنگن
ناهێڵن شێوەی یارەکەم بناسمەوە.
بۆ ناهێڵن؟
بۆ نێوانی دڵی من و دڵی یارە نازدارەکەم
بەهەوجاڕی ڕق ئەکێڵن؟
بۆ بەغارغارێنی ئەسپی سەرشۆڕیتان
خوێن و خۆڵی ڕێی ئاواتی گەردنی یارم ئەشێلن؟
خێڵی شوومن!
تف لەبەر پێی خۆتان ئەکەن!

خێڵی شوومن!
هەر لە دەریای تفی خۆتانا ئەخنکێن!»
گیانە کێ وەک من بەری پێت گوڵڕێژ ئەکا؟
کێ وەکو من ئەتباتە سەیرانی باغچەی بەرخوێنی
خۆی؟
کێ وەکو من خەم ئەکاتە بەردەباز و تۆ بەسەریا
بێیت و بڕۆی؟
گیانە کێ وەک من برینی خۆشەویستیت
بەهەتوانی مردنی خۆی سارێژ ئەکا؟
چل ساڵە وەک داوە خوێنی
بەلالێوی عێراقەوە دێمە خوارێ و ناگەمە خاک
چل ساڵە وەک قومە ئاوێ
جۆگە دەمداتە دەست جۆگە و ناگەمە ڕووبارێکی
پاک



«بۆ ناهێڵن بگەمە خاک؟
بگەمە یار؟ بگەمە ڕووبارێکی پاک؟
بۆ ناهێڵن... بۆ... بۆ... بۆ؟»
تۆ ئەو چڵوپۆپ بڕینەی
ڕەگوڕیشەم قایم ئەکەی
خۆشم ئەوێی
تۆ ئەو هەڵمەی لە خوێنمەوە هەڵدەستێت و
بەسەر دڵما نمەی بارانت دائەکەی
خۆشم ئەوێی
«خێڵی شوومن
تف لەبەر پێی خۆتان ئەکەن
هەر لە دەریای تفی خۆشتانا ئەخنکێن»
تۆیش ئەو خاکەی
منی جۆگە ئەخۆیتەوە و تێرت ئەکەم
تۆیش ئەو داسەی لەبەینی هەردوو پێڵووما
بەهەڵپەرکێ و بەشان بادان فێرت ئەکەم
خۆشم ئەوێی!

١٩٧٤

هەڵسانەوە

بەهەندرێنی کورد بڵێن
هەزارەها گوریسە خوێن بە تۆ ئەمانبەستێتەوە
بەسیروانی دەربەدەری بیابان بڵێن
بۆ هەرکوێیەک فرێت بدەن
هەزارەها سەرچاوەی ڕوون بە تۆ
ئەمانگەیەنێتەوە.
بەهەندرێنی کورد بڵێن
بەتفەنگ و خەنجەر بڵێن
بەکەلاوەی سەنگەر بڵێن
ڕۆژێ دادێ
ڕەشەبا بەردەرکی سەرای سلێمانی دەگرێتەوە
ڕۆژێ دادێ
هەوری سووری شۆڕش ئەجمێ و
پێشمەرگە هەڵدەستێتەوە.
بەهەندرێنی کورد بڵێن
قەت کێو بەکێو ناگا بەڵام
ئێمە بەتۆ ئەگەینەوە.

١٩٧٥



# پێڕست


سیما گشتییەکانی تاقیکردنەوەیەکی شیعری ... 5
ڕاکردن بەرەو هەتاوە سوورەکە ... 35
چەند وانەیەکی سوور ... 39
زامێکی بێدار لە سێبەری چەقۆدا ... 47
شۆڕەسوارێکی ئاشق ... 51
لە دایکبوونی هۆنراوە ... 55
کە فەرهاد ئەدوێ ... 61
سووتانی خوێنێکی گەڕۆک ... 65
چەند نامەیەکی نەناردراو ... 69
لە پێناوتا ... 77
دوو پارچە هۆنراوە ... 83
تۆ ئەو خاکەی منی جۆگە ئەخۆیتەوە و
تێرت ئەکەم ... 87
هەڵسانەوە ... 93